# مێزگردی:

# باڵاکردن و ئاوابوونی ئیسلامی سیاسی

گفتوگۆی وەرزنامەی "پورسش" (واتە پورسش) لەگەڵ مەنسووری حیکمەت-

زستانی 2001

**سەعید ئەحمەد لە فارسیەوە کردویەتی بە کوردی**

***پورسش: تێگەیشتنی ئێوە لە هەندێ چەمکی وەکو بونیادگەرایی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی چیە؟ جیاوازی ئەم دوو عیبارەیە لە چیدایە؟***

**مەنسووری حیکمەت:** من عیبارەی بونیادگەرایی ئیسلامیی بەکار ناهێنم چونکە بەڕای من ئەمە تێگەیشتنێکی راستڕەوانەی ئامانجدارە کە بەئەنقەست وێنایەکی گومڕایانە لە ئیسلام و بزووتنەوە ئیسلامییەکان بەدەستەوە دەدات. ئەوەی واقعیە، باڵاکردنی ئیسلامی سیاسیە. ئیسلامی سیاسی بەڕای من بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەی هاوچەرخە و جگە لەشکڵ و شێوە ئیتر هیچ خزمایەتییەکی لەگەڵ بزووتنەوە ئیسلامییەکانی کۆتایی سەردەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا نییە. لەڕووی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و ئەو مەسەلە سیاسی– کۆمەڵایەتی و ئابووریەی کە مەبەستێتی، ئەم بزووتنەوە نوێیە بەتەواوی ریشەی لە کۆمەڵگای هاوچەرخدایە. دووبارەبوونەوەی هەمان دیاردەی پێشوو نییە. ئەمەیان ئاکامی شکست وەیان باشتر بڵێم ناکام و نیوەناچڵ مانەوەی پرۆژەی مۆدێرنیزەکردنی غەربیی وڵاتانی ئیسلام نشینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە لە کۆتایی ساڵانی شەستەکان و سەرەتای هەفتاکانی زاینیدا، وە شانبەشانی ئەمەش ئاوابوونی ئەو بزووتنەوە سکۆلار– ناسیۆنالیستیە بوو کە جێبەجێکەری سەرەکی ئەم مۆدێرنیزەکردنە ئیداری و ئابووری و فەرهەنگیە بوو. قەیرانی حکومەتیی و ئایدۆلۆژیکیی لەناوچەکەدا پەرەی سەند. بزووتنەوەی ئیسلامیی لەئاکامی ئەم بۆشاییە ئایدۆلۆژیك سیاسیە و سەرلێشێواویی بۆرژوازیی

محەللی ئەم وڵاتانەدا بەوێنەی یەکێك لە ئەلتەرنەتیڤەکانی باڵی راستی کۆمەڵگا بۆ تازەکردنەوەی هەیکەلی حوکمڕانیی بۆرژوایی لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەپ‌و چینی کرێکارێك کە لەگەڵ گەشەی سەرمایەداریدا ئەمیش پەرەی سەندبوو هاتە مەیدان. لەگەڵ ئەمەشدا بەبێ ئاڵوگۆڕەکانی ساڵی 78–1979ی ئێران، ئەم ڕەوتانە بەبڕوای من هێشتا شانسێکی ئەوتۆیان نەبووو بە لاکەوتەیی ئەمانەوە. لە ئێراندا بوو کە ئەم بزووتنەوەیە خۆی لە شێوەی حکومەتێکدا رێکخست‌و ئیسلامی سیاسیی لە گشت ناوچەکەدا کردە هێزێکی بەرچاوو جێگەی باس.

ئیسلامی سیاسی لەڕوانگەی منەوە ناونیشانێکی گشتیی ئەو بزووتنەوەیەیە کە ئیسلام بە ئامڕازێکی سەرەکی دەزانێ بۆ دەستپێیاهێنانەوەیەکی راستڕەوانەی چینی دەسەڵاتدارو نیزامێکی حکومەتیی لەدژی چەپڕەویی لەم کۆمەڵگایانەدا، وەبەم پێیە لە پێشبڕکێ لەسەر بەشی خۆی لە دەسەڵاتی جیهانیی سەرمایە لەگەڵ بەشەکانی دیکەو بەتایبەت لەگەڵ قوتبەکانی هەژمونیی جیهانی سەرمایەداریدا لە کێشمەکێشدایە. ئەم ئیسلامە سیاسی‌یە مەرج نییە ناوەڕۆکێکی سکولاستیك‌و فیقهی پێدراوو دیاریکراوی هەبێت. ئیسلامی سیاسی مەرج نییە بونیادگەراو دکترینر بێت. لە مرونەی سیاسی‌و پراگماتیزمی عەقیدەیی خومەینی‌یەوە تا ناوەندە وشکە موقەدەسەکان لە باڵی راستی حکومەتی ئێراندا، لە نەهزەتی ئازادی‌و مەهدی بازرگان‌و ئەمەل‌و نەبیە بەڕی‌ی بێ‌عەمامەو بۆینباخ لەملەوە تا تاڵیبان، لە حەماس‌و جیهادی ئیسلامی‌یەوە تا "پروتستانیزمی ئیسلامی"ی وەکو سروش‌و ئەشکوەری لە ئێران، هەموویان بەشە جیاجیاکانی ئەم ئیسلامە سیاسی‌یەن.

دەسەڵاتەکانی غەرب، وە میدیاو جیهانی ئەکادیمی‌یان، مەقولەی بونیادگەراییان هێناوەتە پێشەوە بۆئەوەی لق‌و باڵە تیرۆریستی‌و دژی غەربی‌یەکانی ئەم رەوتە ئیسلامی‌یە لە لقە لایەنگرەکانی غەرب‌و ئەوانەی ئەهلی سازشن جیا بکەنەوە. دژی غەربەکان بە بونیادگەرا ناو ئەبەن‌و هێرش ئەکەنە سەر بونیادگەرایی بۆئەوەی ئیسلامی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی، کە لەروانگەی ئەوانەوە کۆڵەکەیەکی حوکمڕانیی ڕاستڕەوانەو دژی سۆسیالیستە لەناوچەکەدا کە لەئێستادا بەهیچ شتێك جێگاکەی پڕ ناکرێتەوە، مەحفوز بکەن. بەڵام رەوتە دژی غەربی‌یەکان هەموویان باڵی وشکە موقەدەس‌و موتەعەسیبە فیقهی‌یەکان نین لەم بزووتنەوەیەدا. بونیادگەراترین بەشەکانی مەعەسکەری ئیسلامیی، وەکو تاڵیبان‌و سعودیە، خۆیان نزیکترین یارانی غەربن.

***پورسش: بەدەسەڵاتگەیشتنی ئیسلامیستەکان تا چ رادەیەك نیشانەی پاشەوپاشگەڕانەوەیەکی دینییە؟ ئایا ئەمە گەڕانەوەیەکی دینییە لەم کۆمەڵگایانەدا؟ گەڕانەوەیەك بۆ بەها و باوەڕە دینییەکان لەژیانی فەردیو کۆمەڵایەتیدا؟***

**مەنسووری حیکمەت:** بەبڕوای من سەرچاوەی ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ زیندووبوونەوەی ئیسلام بەوێنەی دەزگایەکی ئیعتقادی. ئەمە ئیسلامی فیقهی نییە، بەڵکو ئیسلامی سیاسییە. بنەماکەی ئەگەڕێتەوە بۆ هەندێ هاوکێشەی سیاسی دیاریکراو. ئەوە بەڵگەنەویستە کە بە پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی گوشار بۆ زیندووکردنەوەی دیاردە دینییەکان لە کۆمەڵگادا زیاد دەکات. بەڵام ئەمە گوشارێکی سیاسییە. هەندێ جار خەڵکی مل بەم گوشار دەدەن. کۆڵەکەی ئەم "رێنیسانس"ە ئیسلامییە زەبروزەنگو تیرۆرە. لە جەزائیر بەشێوەیەكو لە ئێران بەشێوەیەکی دیکە. لە ئێران راستییەکەی ئەوەیە کە بەپێچەوانەوە، شانبەشانی باڵاکردنی ئیسلامی سیاسیوحوکمڕانیی دینی، شەپۆلی هەڵگەڕانەوەی دژی ئیسلامیی لە ئاستی مەعنەویو عەقیدەییو لەژیانی شەخسیی خەڵکدا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پەرەی سەندووە. باڵاکردنی ئیسلامی سیاسی لەئێراندا بووەتە پێشەکییەك بۆ شۆڕشێکی فەرهەنگیی دژی ئیسلامیو دژی دینی لە زەینی خەڵکیداو بەتایبەتی لەجیلی لاواندا کە بەتەقینەوەیەکی مەزن سەرنجی جیهان بۆلای خۆی رائەکێشێتو زەنگی کۆتایی هاتنی عەمەلیی ئیسلامی سیاسی لە سەرتاپای خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لێدەدات.

***پورسش: ئاروەندی ئابراهامیان هەر لەم مێزگردەدا دەڵێت هەرەسی جمهوری ئیسلامیی ئێران دوا بزمار نابێت لەتابووتی بزووتنەوەی ئیسلامی، چونکە مەیلەکانی دیکە، بەتایبەت غەیرە شیعەکان، دەتوانن خۆیان نەبەنە ژێر باری ئەم شکستەوە. ئایا تۆ لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدای؟***

**مەنسووری حیکمەت:** بەبڕوای من جوڵانەوەی ئیسلامی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو لەئاستی نێونەتەوەییدا بە هەرەسی رژێمی ئیسلامی ئێران لە هەناسەدان ئەکەوێت. باسەکە لەسەر ئەوە نییە کە ئێرانی ئیسلامیی مۆدێلێکی شکستخواردو دەبێت کە ئەوانی دیکە ئەتوانن خۆیانی لێبێبەری بکەن. شکستی جمهوری ئیسلامی لەئێراندا لەجەرگەی خرۆشانێکی سکۆلاریستیی مەزنی جەماوەریدا روو دەدات. خرۆشانێك کە دەست بۆ بنەماکانی بیرکردنەوەی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی دەباتو نەتەنها لە بیروڕای گشتی جیهاندا تڕۆی دەکات بەڵکو مەحکومو ریسوای ئەکات. شکستی رژێمی ئیسلامی

شتێکی لەبابەت هەرەسی ئەڵمانیای نازی دەبێت. هیچ فاشیستێك ناتوانێ بەسادەیی و تەنها بە خۆجیاکردنەوەی مەکتەبی و ڕێکخراوەیی خۆی لەم جەمسەرە هەرەس کردوەدا هەڵوێست و جێگاوڕێگای خۆی بپارێزێت. هەرەسی جمهوری ئیسلامی، تێکڕای ئەم ڕەوتە دەیان ساڵ دەباتە سووری متبوونەوە. شکستی ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا، سەرکەوتنێکی دژی ئیسلامیستییە کە ئەم سەرکەوتنە تەنها بە چوارچێوەی ئێران مەحدود نابێتەوە.

***پورسش: ئێوە وەسفکردنی وڵاتانێکی وەکو ئێران بە "وڵاتی ئیسلامی" ڕەت دەکەنەوە. بۆچی؟***

**مەنسووری حیکمەت:** هەر پۆلێنکردن و ناولکاندنێك ئامانجێکی لەپشتەوەیە. ئیسلام هەزارو چوارسەد ساڵ لەئێراندا بەڕێوە چووە و بێگومان مۆری خۆی ناوە بە هەندێ شتەوە. بەڵام ئەمە تەنها یەك فاکتەری نەخشاندنی سیمای ئەم کۆمەڵگایەیە. هەروەکو سەرکوت، پاشایەتی، حکومەتی پۆلیسی، دواکەوتوویی پیشەسازی، ئینتمای قەومی، زمان، خەت، پێشینەی مێژوویی، مێژووی سیاسی، داب ونەریتەکانی بەرلە ئیسلام، تایبەتمەندییە جسمییەکانی خەڵك، باڵا، شکڵ و شێوە و ڕەنگ و ڕوو، پەیوەندی و هاموشۆی نێونەتەوەیی، جوگرافیا و ئاوو هەوا، خۆراکی خەڵك، پان ودرێژی وڵات، ڕادەی چڕیی دانیشتووان، پەیوەندییە ئابوورییەکان، نیزامی سیاسی، ڕادەی شارنشینی، تەلارسازیی و ...تاد. هەر یەکێك لەمانە تایبەتمەندییەکی واقعی ئەم کۆمەڵگایە نیشان دەدات. جا ئەگەر کەسێك جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لەنێو ئەو سەدان فاکتەرەدا کە لەنێوان ئێران و پاکستان و فەرەنسا و یاباندا جیاوازی دروست ئەکات، پەنجە بخاتە سەر حزوری ئیسلام لە هەندێك گۆشەی ژیانی ئەم کۆمەڵگایەدا و ئەم مۆرە بنێت بە نێوچەوانی من و تۆو دەشتی و هیدایەتەوە بۆ ئەوەی ئەو زۆربەی هەرە زۆرەی کە نەخۆی بە ئیسلام دەزانێ و نە بۆ ئیسلام و ئاخوند هیچ بایەخێك دا ئەنێت، ئەوە بێگومان بەشوێن ئامانجێکی تایبەتییەوەیە. ئێران کۆمەڵگایەکی ئیسلامی نییە. حکومەت ئیسلامییە. ئیسلام دیاردەیەکی سەپێنراوە لە ئێراندا، نەتەنها لەمڕۆدا بەڵکو لەسەردەمی پاشایەتیشدا هەروا بووە، وە لەڕێگەی داپڵۆسین و کوشتنەوە لەسەرکار ماوەتەوە. ئێران کۆمەڵگایەکی ئیسلامی نییە. بیست ساڵە دەیانەوێ بەزۆر بیکەنە ئیسلامی نەیانتوانیووە. ناوبردنی کۆمەڵگای ئێران بە کۆمەڵگایەکی ئیسلامی، بەشێکە لە جیهادێکی کۆنەپەرستانە بۆ بەئیسلامی کردنی.

***پورسش: ئایا تۆ ئیسلامی سیاسی وەکو هێزێك سەیر ئەکەیت کە لە پێکهاتەی سیاسی وڵاتانی موسڵمان نشینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکوری ئەفریقادا هەروا دەمێنێتەوە؟***

**مەنسووری حیکمەت:** مانەوە، مەقولەیەکی نیسبیيە. سەرەنجام زەمانێك دێت کە ئەم ناوچەیە ئیسلامی سیاسی بە یەکجاری توڕبداتو بیکاتە دیاردەیەکی بەسەرچوو کە ئەگەرچی هێشتا بۆ تەماشاو لێکۆڵینەوە ماوەتەوەو تەنانەت پەیڕەوانێکیشی هەیە، بەڵام بەکردەوە هیچ دەورێك لەژیانی خەڵکیدا ناگێڕێت. بەڵام ئەوەی کە ئەم ساتە کەی دێت، بەتەواوی بەستراوەتەوە بە ڕەوەندە سیاسیيەکانی ئەم کۆمەڵگایانەوەو بەدیاریکراویش بە خەبات بۆ ئازادیو سوسیالیزمەوە. هێشتا ڕەنگە چەند نەوەیەکی دیکەش ناچار بن تەحەمولی ئەم ئیسلامە بکەنو بێگومان هەندێ زاناو لێکۆڵەرەوەش ئیسلام بە شتێکی هەتاهەتایی دائەنێن. بەڵام هیچ شتێکی هەتاهەتاییو بونیادی لە ئیسلامیەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وجودی نییە. بزووتنەوە ئیسناندۆستو ئازادیخوازانەکان دەتوانن مەلەفی ئیسلامیەت دابخەن. لەئێراندا ساتەوەختی ڕزگار بوون لەدەستی ئیسلام دەتوانرێ زۆر زوو بێتەپێشەوە. بەبڕوای من جمهوری ئیسلامی ئێستا ڕەوتی لەناوچوون دەپێویو لەگەڵ ئەمیشدا ئیسلامی سیاسی لەئێراندا تێك دەشکێنرێت. وە ئەگەر گوشاری سیاسی ئیسلامو ئیسلامیەت لابچێت، ئەوکاتە پووچیو بێریشەیی ئەو شتەی کە بە هەژموونی کەلتووری ئیسلام بەسەر کۆمەڵگایەکی وەکو ئێراندا لەقەڵەم ئەدرێت بەخێرایی ئاشکرا ئەبێت. ئێران لەماوەی چەندساڵێکدا لەپێگەی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسەیەوە دەبێتە ناوەندو ڕابەری خەبات لەدژی ئەو.

یەکێك لەشێوەکانی مانەوەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا، بەرای من تیرۆریزمە. خەبات لەدژی تیرۆریزمیئیسلامی بەبڕوای من تا چەندین ساڵ پاش سەرکەوتنی سیاسی مرۆڤایەتی بەسەر ئیسلام لەناوچەکەدا هەروا درێژەی دەبێت. پێچانەوەی گروپەکانی تیرۆری ئیسلامی پێویستیی بەکاتێکی زۆرتر دەبێت.

***پورسش: ئێوە پێشتر لە چەند نووسراوێکدا گیان بەبەرداهاتنەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی تا ڕادەیەکی زۆر دەبەستنەوە بە مەسەلەی فەلەستینو کێشمەکێشی نێوان عەرەبو ئیسرائیلەوە. بەشداربووەکانی دیکەی ئەم مێزگردە لەگەڵ ئەم جەختکردنە تایبەتەی ئێوەدا نین لەسەر جێگاوڕێگای ئەم کێشمەکێشە.***

**مەنسووری حیکمەت:** بەبڕوای من ئەوان بەشێوەیەکی ستاتیك چاو لە مەسەلەکە ئەکەن. پرسیار تەنها ئەوە نییە کە بزووتنەوەی ئیسلامی لەوەڵام بە چ گرێوگۆڵو لەسەر میحورەی کام ململانێ باڵایکردووە. هەرچەندە تەنانەت هەر لەم چوارچێوەیەشدا کێشمەکێشی عەرەبو ئیسرائیلو مەسەلەی فەلەستینو وجودی "دوژمن"ێکی قەومی- دینی- ئەمپریالیستی کە ناسیونالیزمو عیلمانیەتی عەرەب لەبەرامبەریدا چۆکی داداوە، کۆڵەکەیەکی باڵاکردنی بزووتنەوەی ئیسلامی پێکدەهێنێت بەوێنەی ئالتەرنەتیڤێکی مودەعی دەسەڵات. پرسیاری لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەگەر مەسەلەی فەلەستین نەبووایە، ئەگەر وڵاتی ئیسرائیل لەسەر ئەم خاکە دیاریکراوە نەبووایە، ڕەوتە ئایدۆلۆژی، سیاسیو کەلتووریەکانی جیهانی سەدەی بیستەم وڵاتانی عەرەب نشینو موسوڵمان نشینی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیان بە چ ئاراستەیەکدا دەبردو تا چ رادەیەك ئەم ناوچەیەش وەکو ئەمریکای لاتینو ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات دەرفەتی ئاوێتەبوونیان دەبوو لە سیستمێکی جیهانیی "غەربی"دا؟ تاچ رادەیەك کاپیتالیزم، تەکنەلۆژی، سەنعەتو سەرمایەی غەربی بە هەموو کارکردە یەکسانسازو وێکچووسازە ئیداریو کەلتووریەکانیەوە لەم ناوچەیەدا گەشەی دەکرد. تا چ رادەیەك ئیسلامیش وەك باقی دیانەتەکان لەسەدەی بیستەمدا دەبووە یەکێك لە لقە بەرەسمی ناسراو، مۆدیرنیزەکراو، دەستپێیاهێنراوو ئاوێتە بووەکان لە روبینای سیاسی کاپیتالیزمێکی جیهانیدا؟ پرسیار ئەوە نییە کە ئایا مەسەلەی فەلەستینو ئەم کێشمەکێشە بووەتە مایەی گەشەکردنی ئیسلامێکی سیاسی نوێکراوە (کە بەبڕوایمن دەورێکی گەورەی هەبووە)، پرسیار ئەوەیە کە تا چ رادەیەك ئەم کێشمەکێشە بووەتە رێگر لەبەردەم ئاوێتەبوونی موسوڵمانەکانو وڵاتانی موسڵمان نشین لە پەیکەرەی سەدەی بیستەمو لە سیستمی کاپیتالیستی جیهاندا، تا چ رادەیەك مەسەلەی گەشەی ئابووری، گواستنەوەی تەکنەلۆژی، ئاوێتەبوون لەگەڵ ئەو کەلتوورە غەربیەی کە لەجیهاندا زاڵە، سەرهەڵدانی کۆڵەکەکانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کاپیتالیستی، گەشەی ئەو دامودەزگا سیاسیو ئیداریانەی کە لەگەڵ نەموزەجی غەربیدا دێنەوەو گەشەی ڕەوتە فیکریو کەلتووریەکانی غەربی (وەك عیلمانیەتو مۆدێرنیزمو لیبرالیزم) لەم ولاتانەدا کاریگەری سلبیان لە مەسەلەی فەلەستینەوە وەرگرتووە. ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن، بەعیلمانی بوونو غەربگەرایی لە وڵاتانی گیرۆدەی ئیسلامدا لەسەرەتای سەدەی بیستەوە دەستی پێکردبووو تا ساڵانی شەستەکانی زاینی کۆمەڵێك ئەنجامی باشیی بەدەست هێنابوو. بەڵام غەرب، بەهۆی مەسەلەی فەلەستینەوە، بەهۆی بوونی کێشمەکێشێکی ناوچەییەوە کە خۆی سێبەری قوتب بەندیەکی بنەڕەتی جیهانیی بوو لە سەردەمی جەنگی سارددا، بەهۆی هاوپەیمانیی ستراتیژیانەی لەگەڵ ئیسرائیلدا،

تێكڕای مەسەلەی ئاوێتەبوونی وڵاتانو كۆمەڵگا عەرەب نشینو موسوڵمان نشینەكانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی لەگەڵ مەعەسكەری جیهانیی كاپیتالیزمی غەربیدا ناموكین كردو رەتیكردەوە. وەڵامی واقعی بە كۆنەپەرستیی دینی تەنها لە سۆسیالیزم ئەوەشێتەوە، بەڵام گەشەی ئیسلامی سیاسی میلیتانت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرئەنجامی شكستی‌ناسیۆنالیزمو عیلمانیەتو مۆدێرنیزمی بۆرژواییە لەم وڵاتانەدا كە بەپێی لۆژیك دەیتوانی و تەنانەت بەرەو ئەوە ئەچوو كە ئیسلامیەت لەخۆیدا بتوێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر قسەیەكیش لەبارەی پرۆتستانیزمی ئیسلامی‌یەوە لەئارادا نەبوو، ئەم رەوتە دەیتوانی ئیسلام لەم كۆمەڵگایانەدا لانی كەم لەو جێگاوشوێنەدا دابنێت كە كاسۆلیزم لە ئیرلەندادا هەیەتی. بەلام مەرجی ئەم سەركەوتنە بۆرژواییە گەشەی كاپیتالیزم، گەشەی سەنعەتو گواستنەوەی تەكنەلۆژی سەرمایە بوو كە بەهۆی بوونی كێشمەكێشی عەرەب ئیسرائیلەوە لە جەرگەی جەنگی سارددا، غەرب مەیلێكی لێ‌ی نەبوو. خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو خەڵكەكەی لە كەلتووری سیاسی غەربدا، وەكو شەیتان وێنا كراون. ئەمانە مەعالمە سلبی‌یە سەرەكی‌یەكانی نێو كەلتووری سیاسی غەربن لەپاش سەرهەڵدانی ئیسرائیل. خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆ غەرب وەكو ئەمریكای لاتینو ئاسیای باشووری خۆرهەڵات نییە. ناوچەیەكی قەدەغەكراوە. ناسەقامگیرە، پڕمەترسی‌یە، جێگەی متمانە نییە، دوژمانانەیە. ئیسلامی سیاسی لەم چاڵە تاریكەدا گەشەی كردووە. ئەگەر مەسەلەی ئیسرائیل نەبووایە، گرفتەكانی میسرو سعودیەو عێراق، لەبابەتی گرفتەكانی بەرازیلو پیرۆو مەكسیك دەبوو. حەتمەن ئیسلامی سیاسی هەر دەبوو، بەلام وەكو بزووتنەوەیەكی لاكەوتەو فیرقەیی دەمایەوەو نە ئەچووە ناو گۆڕەپانی سەرەكی سیاسەتی ئەم وڵاتانەوە.

***پورسش: ئێوە عیلمانیەت چۆن پێناسە دەكەن؟ دینو بزووتنەوە دینی‌یەكان لە سیستمێكی عیلمانیدا تاچ ئەندازەیەك بواری خۆنواندنیان هەیە لە مەیدانی سیاسەتو كەلتووردا؟***

**مەنسووری حیكمەت:** عیلمانیەت دەبێ هەر بەو شێوەیە پێناسە بكەین كە باوە. ناكرێت رادیكاڵیزمێكی زۆر بچەسپێنین بەم مەقولەیەوە. عیلمانیەت واتە جیاكردنەوەی دین لە دەوڵەتو پەروەردەو فێركردن. جیاكردنەوەی دین لە ناسنامەی هاوڵاتیو پێناسەكردنی مافو دەسەڵاتو ئەركەكانی هاووڵاتیان. كردنی دین بە مەسەلەی تایبەتی تاكەكان. ئەوكاتەی كەئیتر دینی تاكەكان لە پێناسەكردنی تایبەتمەندی‌یە كۆمەڵایەتیو

سیاسیەکانی ئەوان‌و لە پەیوەندی نێوان تاك‌و دەوڵەت‌و تاك‌و بۆرۆکراسیدا حیسابی بۆ نەکرێت. بەم جۆرە عیلمانیەت کۆمەڵێك هەلومەرجی لانی کەمە. بۆ نموونە من ناتوانم هەموو هەڵویستگیریی خۆم بەرامبەر بە جێگاوڕێگای دین لەنێو کۆمەڵگادا، لە چوارچێوەی ئەم مەقولەیەدا جێ بکەمەوە. من تەنها خوازیاری عیلمانیەت نیم، بەڵکو خوازیاری خەباتی هۆشیارانەی کۆمەڵگام لەگەڵ دیندا. خوازیاری ئەوەم کە چۆن بەشێك لە داهاتی کۆمەڵگا بۆ بەرگرتن بە مەلاریا‌و نەخۆشی‌یە درمەکان خەرج ئەکرێت، هەر چۆن لەدژی ستەمکێشی ژنان، نەژادپەرستی، ئازاردانی منالان هۆشیارانە سیاسەت دائەڕێژرێت، بەهەمان شێوە وزە‌و توانایەك لە کۆمەڵگادا بۆ سڕینەوەی ئاسەواری دین تەرخان بکرێت. هەڵبەتە مەبەستم لە دین، دامەزراوەی دینی‌و دینە پێناسەکراوەکانە، نەك ئەندێشەی دینی‌و تەنانەت بڕوا بوون بە دینە کۆنەکان‌و ئەوانەی ئێستا. من کەسێکی دژی دینم‌و خوازیاری ئەوەم کە کۆمەڵگا سنوورێکی زۆر زیاتر لەوەی کە لە سیستمێکی عیلمانیدا هەیە، بۆ دینی خۆڕێکخستووو "پیشەسازیی دینی" دابنێت. ئەگەر قانوون دیانەتەکان ناچار بکات کە خۆیان وەك کۆمپانیا قازانج هێنەرەکان‌و دامەزراوە ئەهلی‌یەکان ناونووس بکەن، باج بدەن، لەژێر پشکنینداین، یاسای کار، یاساکانی پەیوەست بە قەدەغەکردنی هەڵاواردنی جنسی، مافەکانی منالان، قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی درۆ، قەدەغەکردنی تۆمەت‌و وروژاندن، یاساکانی پاراستنی گیانداران‌و...تاد رەچاو بکەن، ئەگەر وەك "پیشەسازیی جگەرە" مامەڵە لەگەڵ "پیشەسازیی دین"دا بکرێت، تەنها ئەوکاتە ئێمە لە هەڵوێستێکی مەبدەئی لەبەرامبەر مەودای خۆنواندنی دین لەکۆمەڵگادا نزیك دەبینەوە.

***پورسش: رەنگە جیاوازی‌یەکە لەوەدا بێت کە بشێ سڕینەوەی دین بە سەرکوتی بیروباوەڕی ئەو کەسانە لەقەڵەم بدرێت کە بڕوایان بەو دینە هەیە. چۆن دەکرێت ئەم هەڵوێستە چالاکە دژی دینی‌یە لە پێشێلکردنی ئازادی ئەندێشەو رادەربڕین جیابکرێتەوە؟***

**مەنسووری حیکمەت:** هەروەك پێشتر گوتم من باسی دینی خۆڕێکخستووو "پیشەسازی دینی" ئەکەم، نەك بیروباوەڕی دینی. هەموو کەسێك دەتوانێ هەر بیروباوەڕێکی هەبێت‌و دەری ببڕێت‌و جاڕی بدات‌و خەڵکی لەدەور رێکبخات. پرسیار ئەوەیە کە کۆمەڵگا چ رێوشوێنێك دائەنێت بۆ پارێزگاری لەخۆی. کۆمەڵگای ئەمڕۆ هەوڵ ئەدات منالان بەدوور بگرێت لە پڕوپاگەندەکانی پیشەسازیی جگەرە‌و بیانپارێزێت.

لەبارەی پیشەسازیی دینیشەوە دەکرێ هەمان کار بکرێت. ئینسانی جگەرەکێش هەموو مافێکی خۆی هەیەو دەتوانێ هەر دامەزراوو ئەنجومەنێك بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆ باشی‌یەکانی تووتن‌و یەکخستنی جگەرەکێشەکان دروست بکات. بەڵام ئەمە بەمانای دەرگا خستنەسەرپشت نییە بۆ پیشەسازیی جگەرە. دەزگای دینی ئیسلام‌و دینە سەرەکی‌یەکانی دیکە (مەسیحی، یەهودی، هیندۆسی‌و...تاد)، ئەنجوومەنی دڵخوازانەی ئەو کەسانە نین کە باوەڕیان بە ئەندێشەیەکی دیاریکراو هەیە، دەزگای سیاسی‌و دامەزراوەی مالیی زۆر گەورەن کە هەرگیز بەشێوەیەکی واقعی حیساب‌وکیتابیان لەگەڵدا نەکراوە، نەخراوەنەتە ژێر رکێفی قانوونە عیلمانیەکانی کۆمەڵگاوەو مەسئول نەبوون لە بەرامبەر کردەوەکانی خۆیاندا. هیچ کەسێك حاجی روحوڵڵا خومەینی نەکێشایە دادگا لەسەر دەرکردنی فتوای کوشتنی سەلمان روشدی. ئەمە لەکاتێکدا کە هاندان بۆ کوشتنی ئینسان لە هەموو وڵاتانی جیهاندا تاوانە. ئەمە هێشتا گۆشەیەکی بچووکە لە تۆڕێکی کوشتوبڕو بڕینی ئەندامەکانی لەشی ئینسان‌و تۆقاندن‌و ئینسان رفاندن‌و شکەنجەو ئازاردانی منداڵان. بەبڕوای من کارتێلی مادده بێهۆشکەرەکانی مدی ئێن (سکۆبارەکان)و بازرگانانی چین‌و مافیای ئیتالیا (وە ئەمریکا) بەئەندازەی پەنجە بچووکی دینە خۆرێکخستووەکان نابن. من باس لە خەباتێکی رەواو بەرنامەڕیژی‌کراوی کۆمەڵگایەکی ئازادو کراوە ئەکەم لەدژی ئەم دەزگاو دامەزراوانە. لەهەمان کاتدا بڕوا بوون بە هەر شتێك، تەنانەت دواکەوتووترین‌و دژی ئینسانی‌ترین بیروباوەڕ، بەمافی حاشاهەڵنەگری هەر ئینسانێك ئەزانم.

***پورسش: ئەو عیلمانیەت‌و سڕینەوەی دینەی تۆ باسی لێوە ئەکەیت، چەندە زەمینەی هەیە لە وڵاتانی نێو بازنەی دەسەڵاتی ئیسلام لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ چەندە ئیمکانی ئەوە هەیە کە عیلمانیەت لەم کۆمەڵگایانەدا سەرهەڵبدات؟ ئاروەندی ئابراهامیان باسی لەوە کرد کە ئیمکانی ئەوە هەیە کە ئەم کۆمەڵگایانە هەم بە ئیسلامی بمێننەوەو هەم عیلمانیش بن. کام بزووتنەوانە سەرچاوەی عیلمانیەت پێك ئەهێنن لەم کۆمەڵگایانەداو چەندە چانسی سەرکەوتنیان هەیە؟***

**مەنسووری حیکمەت:** بەبڕوای من ماندوویەتی چەپ لەڕووی تێۆری‌یەوەو ئەو گورزانەی کە ئامانج خوازیی‌و ئەندێشەی رەخنەگرانەو رادیکاڵ لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان بەم لاوە خواردی، ژمارەیەکی زۆر لە تیۆریسێنە چەپ‌و خێرخوازەکانیشی لەبەرامبەر وەدیهێنانی ئاواتە سەرەتاییەکانی ئینساندا دوچاری دیدێکی مەرحەلی–

تـاكتيكى و تـەدريج گەرايبـەكى ئەسـەف بـار كـرد. سـەد سـاڵ بەرلەئێـستا بەشـەرييەتى پێـشڕەو گاڵتـەى بـەوە ئـەكرد كـە ڕزگـارى ئينـسان بەدەسـتى كەشيـشەكان و لـەڕێگاى چەك و پينەكردنى دين و سەرهەڵدانى خويندنەوە و ليكدانەوەى تازەى دين لەنێو كڵێسادا بەدەست بێت. ئەمڕۆ تويـژەرەوە و بيريـارانى پـسپۆڕ دەتوانن گەلاڵـەى ئەوە دابڕێـژن كە ژنـى ئێرانـى لەئێـستادا دەتوانـێ عيلمانيـەت بە زيـادكردنى ڕەنگێكـى كراوەتـر بـۆ سـەر ڕەنگـە مۆڵەتپێـدراوەكانى دەوڵـەت بـۆ حيجـابى ژنـان لێكبداتـەوە. ئەمـە بـەبڕواى مـن نـەبينينى دينـاميزمى گـۆڕان و شۆڕشـە لـە كۆمـەڵگادا. جيهـان تـاكو ئێـستا لەڕێگـەى ژێرەوژووركردنەكانــەوە بــەرەوپێش چــووە. لەڕێگــەى گۆڕانكارىيــە سەرســوڕهێنەرو خێراكان لە بوارى بيركردنەوە، تەكنيك و پەيوەندىيە كۆمەڵايەتىيەكان.

بـەبڕواى مـن ئـەوەى بەڕاسـتى خـەياڵى و ناومكينـە، چـەكوپينەكردنى ئيـسلام و گـۆڕينى هەنگاوبەهـەنگاوى ڕژێمـە ئيـسلامىيەكانە بـۆ حكومـەتى عيلمـانى. ئـەوەى كـە واقعىيە، مومكينە، وە لەپەيوەست بە ئێرانەوە ئيتر ناچارىيە، وەديهاتنى عيلمانيەتە لەڕێگاى خرۆشانى دژى دينيى خەڵكىيەوە، لـەدژى ئـەم حكومەتانـەى كـە هـەن و لـەدژى هەموو ڕاڤەكردن و خوێندنەوە جياجياكان لە ئيسلام.

***پورســش: ئــەو هێــزە كۆمەڵايــەتى و بزووتنەوانــە كامانــەن كــە دەتــوانن مــژدەدەرى سكولاريزم بن لە خۆرهەڵاتى ناوەڕاستدا؟***

**مەنــسوورى حيكمــەت:** بـەپێى قاعيـدە ئەمـە دەبووايـە پـەيامى مێـژوويى بزووتنـەوە بۆرژواييەكان و كاپيتاليزمى تازەپێگەيشتووى ئەم وڵاتانە بووايە لە سەدەى بيستەم-دا. كارى ليبراليزم، ناسيۆناليزم، مۆدێرنيزم و غەربگەرايى بووايـە. بـۆ دەورەيـەك وا تەسـەور دەكـرا كـە ئـەم پرۆسـەيە هەرچـەند بەشـێنەيى و نيوەناچڵ، بـەڵام لەئارادايـە. بـەڵام ئـەم بزووتنەوانـە لـە سـاڵانى حەفتاكانـدا ئيتر تەمـەنيان بەسەرچـووو پـرۆژەى گەشـەپێدانى خۆرئـاوايى ڕاوەسـتا و قـەيرانى حكومـەتيى پـەرەى سـەند. بزووتنـەوە سـەربەخۆيى خوازەكان لە خۆرهـەڵاتى ناوەڕاستدا لەزۆربەى حاڵەتەكاندا دەوڵـەتى پـرو غـەربيان پێك نــەهێنا. ڕوخانــدنى بنەماڵــە پاشــايەتىيەكان بــووە مايــەى ســەرهەڵدانى دەوڵەتــە عەسكەرىيەكان كە بەشى زۆريان لە ململانێى نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا كەوتنە نێو بازنەى دەسەڵاتى سۆڤێتەوە. كاپيتاليزم و پيشەسازى لەوڵاتانى خۆرهـەلاتى ناوەڕاسـتدا بەگــشتى لەڕێگــەى دەوڵەتــە ناسيۆناليــست و ســەركوتگەرەكانەوە بڵاوبووەتــەوە. كۆمەڵگايـەكى مـەدەنى بـۆرژوايى پێـك نـەهات. ليبراليـزم و مـۆدێرنيزمى بـۆرژوايى دوو

بزووتنەوەی بەسەنگ نین لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار، چ لایەنگری سۆڤێتو چ لایەنگری خۆرئاوا، بەگشتی لەهاوپەیمانیەکی سیاسیدا بووە لەگەڵ ئیسلامدا.

بەهەرحاڵ سکولاریزم بەوێنەی بەرهەمێکی فیکری، سیاسیو ئیداری گەشەی کاپیتالیزم، لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سەری هەڵنەدا. بەبڕوای من بۆرژوازی ناوچەکە نەخشەکارێکی سکولاری نییە، وەیان تەنانەت توانای هەڵوێستگیرییەکی بەم جۆرەی نییە. دامەزراندنی نیزامێکی سکولار ئیتر کاری بزووتنەوە سۆسیالیستیو کرێکارییەکانە. وە ئەمە بەبڕوای من مەسەلەیەکە کە سەرکەوتنی چەپ لە ناوچەکەدا، لانی کەم بەدەستوبردی لەئێراندا، دەکاتە ئەگەرێکی واقعیو ماددی. خەڵکی نیزامێکی سکولاریان دەوێت، وە لەنەبوونی جەبهەیەکی عیلمانیی راستڕەودا، خەڵکی لەدەوری ئاڵای چەپی کۆمۆنیست کۆدەبنەوە کەئامادەی خەباتێکی بنەڕەتی بێت لەدژی دەسەلاتدارێتی دین.

***پورسش: بەڕای تۆ تا چ رادەیەك دەكرێ سكولاریزم لەم كۆمەڵگایانەدا پیادە بكرێت؟***

**مەنسووری حیکمەت:** لەجیهانی ئەمڕۆدا، بەم پەیوەندیو رایەڵە فراوانە لەنێوان بەشە جیاجیاکانیدا، بەبڕوای من پاراستنی سەرخانێکی ئیسلامی لەناوچەیەکی ئاوا فراواندا، نا مومکینە. ناکرێ بەر بە سەرهەڵدانی سکولاریزم بگیرێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەبڕوای من سکولاریزم نەك تەنها دەکرێ پیادە بکرێت، بەڵکو دوای ئەزموونی ئێرانو ئەفغانستانو جەزائیر، بووەتە پێویستیو خواستی خەڵکی ناوچەکە. کێشەکە هێشتا لەبنەڕەتدا هەر مەسەلەی فەلەستینە. ئەم کێشمەکێشە هەروەك چۆن باڵە کۆنەپەرستە دینییەکان لە ناو ئیسرائیل خۆیدا بەهێز دەکاتو توانایەکی زۆر زیاتریان پێدەبەخشێت لەو سەنگە واقعیو بچووکەی کە لەنێو کەلتوورو بیروباوەڕی خەڵکدا هەیانە، لە بەرەی بەرامبەریشدا تەمەنی ئیسلامی سیاسیو ناسنامەی ئیسلام درێژ دەکات. هەرچی زووتر وڵاتی سەربەخۆی فەلەستین دابمەزرێت، ئەوەندە زووتر گۆڕی ئیسلامو ئیسلامیەت لەناوچەکە گوم ئەبێت.

***پورسش: راتان چی‌یە بەرامبەر بە تێزی "ململانێی شارستانیەتەکان"ی ساموئیل هانتینگتۆن؟ بەپێی بۆچوونەکانتان ئێوە دەبێ ئەگەری سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتێکی شەڕ لەژێر ئاڵای ئیسلامدا رەت بکەنەوە.***

**مەنسووری حیکمەت:** وتارو تێزەکەی هانتینگتۆن لەرووی زانستی و ناوەڕۆکەوە بێئەندازە بێ‌نرخ و پووچ بووو، دەستبەجێ و بەدووروودرێژی لەلایەن زۆرێک لە توێژەرەوەکانەوە وەڵامی پێدرایەوە. لێکدانەوەی دڵخوازانە، گونجاندنی واقعییاتەکان لەگەڵ بۆچوونە زهنی‌یەکانی نووسەردا، شێواندنی راستی‌یە حاشاهەڵنەگرەکان و میتۆدۆلۆژییەکی بێ‌ئەندازە هەژارو دواکەتووانە لە شی‌کردنەوەدا، ئەمانە جێگایەك بۆ بەجدی وەرگرتنی باسەکە ناهێڵنەوە. ئەم باسەی هانتینگتۆن لەساڵی 1993دا تەرح کرا، دوای هەرەسی سۆڤێت و راگەیاندنی "کۆتایی کۆمۆنیزم" و "کۆتایی مێژوو" لە میدیا و ئەکادیمیای غەربدا. بۆ ماوەی دەیان ساڵ هەموو زەین و هۆشیاریی سیاسی بۆرژوازی خۆرئاوا لەدەوری بوونی دوژمنێکی جیهانی، جەمسەرێکی جیهانیی و بەهێزی رەقیب، گەڵاڵە کرابوو. لەساڵانی دوایی و لە سەردەمی رێگان-دا، ئەم ململانێیە تەنانەت لێکدانەوەیەکی تەواو هۆلیودی پەیداکردبوو. "ئیمپراتۆری شەڕ"، "شەڕی ئەستێرەکان" چەند مەقولەیەکی ئەم کەلتوورە سیاسی‌یە بوون. دوای نەمانی سۆڤێت، مەسەلەی "دوژمن کێیە؟" و مەسەلەی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ئەرکەکانی ناتۆ و رێکخراوی سی ئای ئەی و سیاسەتی خارجی ئەمریکا و گەشەی سەرلەنوێی تەریکخوازیی لە هەندێ باڵی کۆماری‌خوازەکاندا پەرەی سەند. "ململانێی شارستانیەتەکان" وەڵامێکی پڕلەهاتوهاوار بوو، لەنێو هەمان کەلتووری هۆلیودیدا، بەم پرسیارانە.

من لەگەڵ ئەم خاڵەی گراهام فولەردا بەتەواوی هاوڕام کە جیاوازی‌یە "شارستانیەتی" یەکان قاڵبێکن بۆ سەرهەڵدانی ئەو جیاوازی‌یە کۆمەڵایەتی‌یانەی کە لەئارادان. مەقولاتی "شارستانیەتەکان" لە پڕوپاگەندەی جەنگی و دۆزینەوەی بازاڕی سیاسی بۆ ئەم بەرژەوەندی‌یانەدا دەوریان هەیە. بەڵامی لەخودی کێشمەکێشمەکەدا دەورێکیان نییە. ئیسلامیەت و لێکدانەوە ئیسلامی‌یەکان و دەمارگیریی ئیسلامی ئامرازی هەڵخراندنی کۆمەڵایەتین لەو کێشمەکێشە ماددی‌یە کۆمەڵایەتی‌یانەدا کە خۆیان پەیوەندی‌یەکیان بە ئیسلام و شارستانیەتی ئیسلامی و ململانێی ئەو لەگەڵ کەلتووری غەربییەوە نییە. روداوەکانی یوگوسلافیا لەسەر جیاوازی شارستانیەتی مەسیحی خۆرئاوا لەگەڵ مەسیحیەتی ئەرتەدۆکسی خۆرهەڵات نییە (کە مەعلوم نییە لەم نێوەدا

**بۆچی "شارستانیەتی"ئیسلامی لە بۆسنەو کۆسۆڤۆ سەری ناوەتە سەر سەرینی "شارستانیەتی" خۆرئاوا!). یان دە ساڵ وێرانکردنی عێراق ئاکامی ململانێی نێوان شارستانیەتی خۆرئاواو ئیسلامی نییە. دنیا چینایەتییە. شانۆی خەباتی چینایەتییە. شانۆی ململانێی باڵو بەشە جیاجیاکانی سەرمایەیە لەسەر دەسەڵاتی سیاسیو بەرژەوەندیی ماددیو قازانجو بازنەی دەسەڵاتو قەڵەمڕەوی چەوساندنەوە. شانۆی خەباتە لەپێناوی ئازادیو سڕینەوەی هەڵاواردندا. شانۆی ململانێی نێوان چەپو راستە. شانۆی ململانێی شارستانیەتەکان نییە.**

**وە سەرەنجام، قسەکردن لە شارستانیەتی ئیسلامی، وەکو شتێك کە گوایە لە رۆژهەڵاتی ئەو هێڵەی جەنابی هانتینگتۆن لەسەر نەخشەی جیهان کێشاوێتی دەسەڵاتدارە، شتێکی پووچە. نە ئیسلام شارستانیەتە، نە لەو وڵاتانەدا دەسەڵاتدارەو نە توانای گێڕانی دەوری ئیمپراتۆرییەتێکی شەیتانی هەیە. پڕوپاگەندەی رۆژانە لە خۆرئاوادا، بەتایبەت کاتێك کلینتۆنو بلێرو ناتۆ دەم ئەکەنەوە، ئەم وێنایە بەدەستەوە ئەدات کە گوایا صدام حسین لەبەر دەروازەی داگیرکردنی جیهاندایەو ژیانی ئێمە لەسایەی مەرحەمەتی ناتۆدایە کە تاکو ئێستا لەبەردەم ئەم دێوەزمەیەدا بە چنگو ددان مقاوەمەتی کردووە! وروژاندنی بیروڕای گشتیی خۆرئاوا لەدژی خەڵکی خۆرهەلاتی ناوەڕاست بەرژەوەندییەکی ماددی زۆری تیایە بۆ هەندێك ناوەندی جیاجیا، بەڵام پەیوەندییەکی بە ریزبەستنە حەقیقیەکانەوە نییە لەجیهانی ئەمڕۆدا. بەهەرحاڵ باسەکەی هانتینگتۆن لەڕووی عەمەلییەوە نفوزێکی پەیدا نەکرد، هەرچەند رەنگە خێرێکی زۆری بووبێت بۆ پیشەکەی هانتینگتۆنو بودجەی دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی "ئەلین" لە زانکۆی هاروارد.**

ئەم مێزگردە بۆ یەکەمجار لە ژمارە-3ی زستانی 2001ی گۆڤاری فارسی زمانی "پورسش" (بەمانای پرسین- کە گۆڤارێکی وەرزیی سیاسی کۆمەڵایەتی کلتوورییەو سەرنووسەرەکەی عەلی جەوادی بوو) بڵاوکراوەتەوە. باقی بەشداربووانی مێزگردەکە بریتی بوون لە: ئۆلیڤەر رۆی، گراهام فۆلەر، ئێرڤەند ئەبراهامیانو ئیان لیسەر.